# ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی

بەرگی دووەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی

## بەرگی دووەم

ستیگ داگەرمان - ماریا ڤینه
توماس ترانسترۆمەر - لارس گوستافسۆن

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە

رزگار شێخانی



کتێب: ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی - بەرگی دووەم
نووسینی: ستیگ داگەرمان - ماریا ڤینه - توماس ترانسترۆمەر - لارس گوستافسۆن
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: رزگار شێخانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٩٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٦٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ



## ستیگ داگەرمان

١٩٥٤ -١٩٢٣

لە سەردەمێکدا ژیا ، لە هەموو شوێنێکی ئەورووپا خوێن دەڕژا. ئەو نەیتوانی جگە لە خوێن لەبارەی شتێکی دی بنووسێ. سەردەمێک کە پڕ بوو لە بکوژ، ئەو نەیتوانی باسی دڵی ڕەق و چاوی سووری بکوژ نەکا. ڕووداو و مێژووی ڕووداوی بابەتەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە خۆی تیایدا دەژیا. سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا ١٩٣٦- ١٩٣٩ و جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩- ١٩٤٥ لە دوا ساڵی جەنگدا ستیگ تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو، کە یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی "مار" بڵاوکردەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکدا چوار ڕۆمان و کۆمەڵێک چیرۆک، چوار شانۆنامە و چەند سیناریۆیەک و سەدان شیعر و گوتاری نووسی. یەکێک بوو لە نووسەرە دیار و چالاکەکانی سەردەمەکەی.

# ژیان زۆر کورتە

ژیان زۆر کورتە
چونکە بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکدا بپەیڤین
دەبێ هەزار ساڵ
خۆمان فێری بێدەنگی بکەین

ژیان زۆر نەوییە
چونکە بۆ ئەوەی فێری بێدەنگی ببین
دەبێ سەردەمێک، وەک ئەو چیایە بڵندەی
بورکانی لە بیر نەماوە، بڵند بژین.

ژیان زۆر پیسە
چونکە بۆ ئەوەی بتوانین چرکەیەک لە چاوی هاوڕێیەک بڕوانین
دەبێ وەک بەفری نەکەوتوو
پاک بین

ژیان زۆر قرچۆکە
چونکە ئەگەر دڵاوا بوایە، دەریای دەداینێ و
وەک لووسترین بەرد



پاکی دەکردینەوە.

ژیان زۆر درێژە
چونکە بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکدا بپەیڤین
دەبوو هەر ئەم ڕۆژە ژیابایین
کە تاکە هاوڕێی نەزاوومان دەژیا.

## ئیسپانیا

ئیسپانیا،
ناتوانین ئەوە لەیادبکەین:
رۆژت کە تاریکە بە ڕق
شەوت کە سوورە بە ئاگر
خاکت کە سوورە بە خوێن
بێدەنگیت کە پڕە لە هاوار
میللەتت کە ئاوارەی بەر یان پشتی
پیرێنێ بووە.

ئیسپانیا،
هەمیشە ئەوەمان لەیاد دەبێ:
لەپشت دەمامکدا
سوورە چاوی جەللاد،
دەمێ جەللاد نووستووە
تۆڵەکەرەوەکان بێدارن لە تاریکایی
لەپشت ئەوانەی دەکەون
ریزێک پیاو ڕادەبن
لەبن شەوی پردەکاندا



دینامیت چاوەڕێی ساتی خۆی دەکا

برایانی ئیسپانی لە تاراوگە
لە بەر یان لە پشت پیرێنێ.
دەربەدەریتان ئاوارەبوونی ئێمەیە
کوژراوەکانتان کوژراوی ئێمەن،
رقی داختان
بە هەڵگیرساوەیی لە ناخماندا هەڵدەگرین.

بۆیە دەمانەوێ بە سێ شتان یارمەتیتان بدەین:
کە قەت ئەو خۆگرییە لەبیر نەکەین
کە قەت نەبوورین، لەو شتانەی لێنابووردرێن.
کە پێویست نەکا هێندە زۆر
لە بەر سێبەری ساردی جەللاددا سەرماتان ببێ.

پیرێنێ: زنجیرە چیایێکە بەدرێژایی سنووری نێوان فرانسا و ئیسپانیا.

## ئێستا گوڵێک شکۆفە دەکا

وا گوڵێک لە ئێوارەی ساردا دەشکۆفێ
وا باڵندە لە ئاگر دروستکراوەکە هەڵدەفڕێ،
کورتە کۆچی باڵندەی ئاوا
زوو سیس دەبێ باخچەی وا

ئەو شتانەی کە دەسووتێن ژیانیان کورتە
ئێستا باڵەکان بەسەر خانووی تاریکەوە خامۆش دەبن
ئێستا لە باخچەی شەودا گوڵەکان خامۆش دەبن
لێ، تاسە بۆ ڕووناکی قەت خامۆش نابێ.



## باشترە

باشترە زوو
فێری لێبوردن ببیت،
سەرەتا خەڵک و
پاشان خۆت.

باشترە درەنگ
فێری حکومدان ببیت
بەڵام ئەگەر
بەڵام کەی:
سەرەتا خۆت
پاشان خەڵک.

## بۆ ئازادیخوازە زیندوو و مردووەکانی ئیسپانیا

هاوڕێ، هەموو شتێک چەند سادە دیارە !
دیوارێک، تەقەیێک، کونێکی بچووک.
تۆ بەسەر دەمدا دەکەویت، کەواتە: تەواو بوو
چونکە گۆشت لە قورقوشم و پۆلا نەرمترە.

خۆر دەکوژێتەوە، زۆر سارد دەبێ،
مرۆڤێک کەمتر، چەند زوو ڕووی دا.
جەللادێک لە هەموو شتێک بەهێزترە
کە تۆ کوژرای، ئەو جگەرەیێک دادەگیرسێنێ.

تفەنگەکە سارد دەبێتەوە، ئەم شتانە کات نابەن و
هەر بەڕاستی لەوە دەچی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ
بەرشێلۆنە و مەدرید ئارامن و
پشکەکانی فرانکۆش لەسەددا دوازدە بەرز دەبنەوە.

تەماشاکە دیموکراتخوازەکانی دنیا گرد دەبنەوە
کێ گوێی لە هاوار بوو ؟ کێ گازی ئەشکەنجەدانی بینی ؟
سیاسییەکی دیموکرات گوێی لەهیچ نابێ



با ، ئەگەر گوێیشی لێ بێ، گوێی لە جریوەی باڵندە دەبێ.

ئێمە بە ناو شوورە و زیندانەوانان گوێمان لە هاوارەکە بوو.
خیانەت بوو گوێت لێ نەبووبێ
ئەمە ئاخاوتنێکی سیاسی نییە،
لێ خۆ ئێمە قەت نامانەوێ ببین بە سیاسی.

کە ئیسپانیا لەبن قامچی دەناڵێنێ
کە ئیسپانیا لە گرتووخانەیەکدا خوێنی لێ دەچۆڕێ.
تاوانە، نەنگییە، دۆڕاندنە
ڕقت لەناو قەفەزدا بێدەنگ بکەی.

ئەو هاوڕێیەی کە کوژرا! ئەو هاوڕێیەی کە هێشتا
لە ئیسپانیا، یان لە خاکبەدەریدا دەژی
تۆ خیانەتت لێ کرا و خیانەتت لەکەس نەکرد
هەتا دەمرین، هەست بەم شەرمەزارییە دەکەین.

بەڵام شەرمەزاریی گەورەی لەبیرکردن و بێدەنگ بوونمان
نامانەوێ بۆ هەرکوێ بڕۆین بەدوای خۆماندا ڕایکێشین
بۆیە هاوڕێ دەبێ هەموو ڕاستییەک لەبارەی تۆوە کە کوژرایت،
لەبارەی ڕق و برینەکانتەوە دەربکەوێ.

ئەرکی ئێمە ئەوەیە پەتی درۆ بپچڕێنین
کە قەت کوشتنی جۆرنیکا ،
ریزی درێژی تەرمی منداڵی پارچەپارچە بوو ،
تامی تاڵی نانی جەللاد لەیاد نەکەین.

تۆ کە لە کۆچی ئەبەدیدا ،
دوور لە خوێنی سەر شوورە و ئاسنی داخی جەللاد دەژی،
لە دڵماندا ماڵێکمان بۆ دروست کردووی.
توندوتۆڵ نییە ، لێ لەگەڵ ئەوەشدا گەرمە.

بۆ تۆش، کە بێ چەک و بێ هێز دەجەنگی
هیوای خۆمانت دەدەینێ، کە ماومانە.
رۆژێک، ڕۆژی بێ چەکان هەڵدێ،
با بێدار بین کە شەو ڕادەشکێ.

ئیسپانیای ئازاد، هیوا و پەرستگە!
زۆرداری ئیسپانیا ، یەک شتت هەیە: ڕقی ئێمە
پەناهەندە، دەستمان بگرە ئەگەرچی بەتاڵیشە
هاوڕێ، قەت بەری مەدە و توند بیگوشە.



## هەڤپەیڤینی نێوان زیندوو و مردووەکان

مردووەکان:

دواشت گۆڕەپانێکی تیربارانکردن بوو لەنزیک بەرشێلۆنە. ئاوا ئاسانتربوو. هەموو شتێکی لێ بوو ، چەک، تفەنگچی باش و نیشانەش. ئێمە لە تابلۆ باشتربووین. چونکە زیندوو بووین. کەچی ئێوە زۆربەتان لەوێ نەبوون. لەوێ بوو مردین.

زیندووەکان:

جیهان بۆ ئێمەی زیندوو وای لێ هاتووە، کە چاو دەنووقێنین، دەبینین پیاو بکوژرێ. کە ماڵ بێدەنگە گوێمان لە تەقە دەبێ. بەڵێ مردنمان ئەزبەر کردووە. شارەزای وڵاتتانین، کەچی قەت لەوێش نەبووین. لەم وڵاتەدا قورقوشم بۆ دڵ دەردەچێ، وەک کە بۆ موگناتیسێک بچێ.

مردووەکان:

ئەمە ڕاستە. ئەمەش ڕاستە کە مردن ڕوو لە ژیان دەچێ. بەڵام قورقوشم نەبوو ژیانی بردین، چەند پیاوێک بوون. نەفرەت لە قورقوشمەکە مەکەن. نەفرەت لە ئەوان بکەن. لەولای کەلێی دەژیاین مردن وەک هەگبە لەسەر پشتی مرۆکانی هەڵدەگیرا. مردن لەسەر مێزی هەموو کۆشکەکان بوو. لەگەورەترین کۆشکیشدا ، مردن لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و بۆ میللەت دەدوا.

زیندووەکان:

وڵاتێکی ئەستەم بوو لێی دەژیان. ئەوەمان لەبیردەبێ. بەڵام هەرگیز وڵاتی ئێمە نەبوو، هەرگیز هی ئێمەش نابێ. ئێستا و هەردەمیش لێی دوورەپەرێز دەبین.

مردووەکان:

دەزانین دوورەپەرێزی شێوەی ژیانتانە. بەڵام دوورەپەرێزی چییە؟ ئا، تەنیاییە. لێتان پاڕاینەوە نزیک ببنەوە. بۆ دوورکەوتنەوە؟

زیندووەکان:

ئێوە لەوێ و ئێمەش لێرە. پێویستە مرۆڤ لەوێ بگوزەرێنێ کە دەژی.

مردووەکان:

بۆ ئێمە کە مردین، ئێرە و ئەوێ نییە. بۆ ئێمە تەنێ یەک شوێن هەبوو. ئەویش ناوی زەوی بوو. بێگومان دەبێ ئێوە بژین. بەڵام دەبێ ئێمەش بژین. لەگەڵ ئەوەشدا مردین. چۆن ئەمە ڕوون دەکرێتەوە؟ هەمووکەس دەبێ بژی، بەڵام زۆر کەس دەمرێ. چونکە دەبێ بژین، دەمرن. وڵاتەکەمان زۆر سەیر بوو. زۆر وڵاتی تریش وابوون. زۆرکەس دەژین بۆ ئەوەی بمرن. ئێمە مردین بۆئەوەی بژین.

زیندووەکان:

ئێمە درەنگ هاتین. ئەمە نەخۆشی و ڕەوشتی ئێمەی



ڕۆژئاواییە. هەمیشە درەنگ دەگەین. کە جەستەکان سڕبوون دەگەینەجێ. کە گوللە بێدەنگ بوو، دەنگمان دەبیسترێ. چۆن پێڕابگەین کە زۆر دوور لە تاوانەکە دەژین؟ چۆن تۆڵە بکەینەوە، کە بێ چەکین؟

مردووەکان:

برادەران: هێز و چەکداری تێکەڵی یەکتری مەکەن. بکوژ چەکهەڵگرە، بەڵام ئایا بەهێزە؟ جەللاد بێ چەکە، بەڵام چەکدارە. گۆڕەپانی تیربارانکردن نیشتیمانی بێ هێزەکانە. بێ هێزەکان دەکوژن، چونکە لە ژیان بێ هێزترن. مار پێوەدەدا و ترساویش لێ دەدا. ئێمە مردین، چونکە بەهێز بووین. لەو وڵاتەی تیایدا دەژیاین هەڵبژاردن بوو لە نێوانی: بێ هێزی و بکوژی. بەهێزی و بمری. ئەگەر دەتانەوێ تۆڵە بکەنەوە: بەهێز بژین.

زیندووەکان:

ئامۆژگارییەکە بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ئەوەی کە دەتوانین بۆ ئەم جیهانەی بکەین، ئەوەیە کە یادی تاوانی جیهان بکەینەوە: کۆڕی یادکردنەوە، شیعری یادکردنەوە، وتاری یادکردنەوە. هاوڕێیان لەوەدەچێ هەر بەمردوویی لەبیرمان بن. بەڵام ئێمە دەمانویست کە زیندوو بوون بەهاناتان بێین.

مردووەکان:

لەبیرنەکردن کردارێکە، ئەگەر مرۆڤ بەهێزەوە لەبیری بێت. ئەو کەسە لەبیر مەکەن کە لەبیربەتی و باوەڕ بەو کەسەش مەکەن

که لەبیری دەچێت. ئەوەی پێتان بڵێ: زەمەن هەموو زامێک ساڕێژ دەکا. ئەمە درۆیە. زەمەن زامی کوژراوەکان ساڕێژ ناکا. گەورەتری دەکا.

زیندووەکان:

بەڵێ لەبیرمان دەبێ، بەڵام هەرگیز ناتوانین ئەوەتان بدەینەوە، کە دۆڕاندتان.

مردووەکان:

بەهەرحاڵ. قەت ناکرێ بکوژ و کوژراو لەیەکتری جودا بکرێنەوە.
لەمردندا جەللاد بەدوای قوربانییەکانیدا دەکەوێ. لە ژیانیشدا قوربانییەکان بەدوای جەللاد دەکەون.
یادی ئێمەی مردوو و ئەوانەی مردنیان داینێ بکەنەوە.
هەتا یادی تاوانەکان بکەنەوە تاوانبارە تاوانکار. هەتا تاوانباریش تاوانکاربێ، بە ڕق و کینە ڕووی لێ دەکرێ. هەتا ڕق و کینەش دووچاری بکوژەکان ببێ، هیوا بۆ ئەو قوربانییانە هەیە کە ئێستاش ماون. بۆیە یادکردنەوە دەسەڵاتێکەو لە دەستی ئێوەدایە.

زیندووەکان:

چی تریشمان لەیادبێ؟

مردووەکان:

ئەوانەتان لەیادبێ کە دواجار بینیمان: ئەم شوورە ڕەقوتەقەی هاواری بەهاناهاتنی لەبەردابوو، زیلە داپۆشراوەکەش.



چادرێک دوا ئاسمانمان بوو. بەڵام هی بڵندترمان گەرەک نەبوو. ئەوەی سەرەوەمان لە دەروونماندا هەڵگرتبوو. بن دار زەیتوونەکانی نزاری چیاش. دەریاش وەک سێبەرێکی دوور. ڕێگاکەش کە وەک ژیانمان دەمانناسی. ئەو بێدەنگییەش کە کاتێ پیاو بەتفەنگی بەکەڵهاتوو، سێرە لە پیاوی تر دەگرێ. بێدەنگیش کە هێندە پڕ بوو لەو وشانەی کە قەت نەوتران.

زیندووەکان:

چ وشەیەک بوون؟

مردووەکان:

باوەڕ بوون کە لەگەڵ خوێندا ڕۆچوونە ناخی زەوی.

زیندووەکان:

چ باوەڕێک بوون؟

مردووەکان:

تۆ کە لەدایک بووی – مافی ژیانت هەیە.
تۆ کە دەژیت – مافی مردنت هەیە.
تۆ کە برسی دەبیت – مافی نانت هەیە.
تۆ کە تێنوو دەبیت – مافی ئاوت هەیە.
تۆ کە ئازار دەدرێیت – مافی ئازادیت هەیە.
تۆ کە دەکوژیت – مافی ڕقی هەموو کەسێکت هەیە.
تۆ کە دەکوژرێیت – مافی دوو ژیانت هەیە.



## ماریا ڤینه

**١٩١٢- ٢٠٠٣**

ماریا بە ڕەگەز سویدی نەبوو. ساڵی **١٩١٢** لە دایک و باوکێکی دانمارکی، لە کۆپنهاگن لەدایک بوو.

ساڵی **١٩٣٦** ئاشنای ئارتور لوندکڤیست **١٩٠٦-١٩٩١** دەبێ، دوای چەند مانگێک دۆستایەتی، دەبن بە ژن و مێرد و لەگەڵ ئارتور هات بۆ ستۆکهۆڵم و لەوێ جێنشین بوون. ئارتور بە نووسەران، هونەرمەندان و ژیانی ئەدەبیی ئاشنای کرد. ماریا شۆڕە کچێکی جوانپۆش بوو، هەموو ژیانیشی هەروا مایەوە. تەمەنی نۆهەت ساڵ بوو، کەچی جوانپۆشێکی نوودەم بوو.

سەرەتا سەخت بوو بۆی بە زمانی سویدی شیعر بنووسێ، لێ ئارتور کە نووسەرێکی بە ئەزموون و ناسراو بوو، یارمەتی و هانی دەدا. ماریا ساڵی **١٩٤٣** یەکەم دیوانە شیعری بڵاوکردەوە.

# درەخت و شیعر

درەختێک لێرەیە:
لەناو چڵەپۆپەی بەرینیدا
با شیعری بێ وشە دەچڕێ.
دەزانم
چارەنووسی درەختەکە ئەوەیە ببێ بە کاغەز:
کاغەزێک کە یادی وشە دەکات
دەزانم
وشەیەک کە یادی ئەوە دەکات بکەوێتە سەر کاغەز
وشەیەک کە سەرەتای شیعرێک دەست پێ بکات
دەزانم
شیعرێکی نەنووسراو یادی یەکەم وشە دەکات
شیعرێک کە یادی شاعیرەکەی دەکات
بەڵام دەشزانم
شاعیر شین دەگێڕێ
دەمێ درەختەکە دەبڕدرێتەوە بۆ ئەوەی ببێ بە کاغەز



# ئەرێ یان نا

چەند جاران لە وەرامی پرسیاری ئەودا، هەر بە نا بەرسڤم نەداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تێگەیشتبا، کە لەگەڵ هەر نایێکدا دووجاران مەبەستم **ئەرێ** بووە. بەڵام ئەو هیچ تێنەگەیشت. هەمیشە باوەڕی بە نایەکەم دەکرد و بێ ئەوەی یەک وشە بڵێ جێی دەهێڵام. هەموو جارێکیش بێ هیوا دەبووم، بیرم دەکردەوە و دەمگوت: جارێکی دی بە ئەرێ بەرسڤی دەدەمەوە. لێ، هەمیشە لێوەکانم دەیانگوت نا. ئەگەر هەر لە چاوی بڕۆنیبام، تێدەگەیشت. ئیدی پرسیاری نەدەکرد، هەر دەوەستا و چاوەڕوانی وەرامی منی دەکرد. منیش بە نا، نا بەرسڤم دەدایەوە.

ڕۆژێکیان هەر نەهاتە لاشم لە ژوورەوە. لەودیوی دەرگاکەم وەستا، هەستم کرد چۆن بەدەم ڕۆیشتنەوە دەستی بە دەسکی دەرگەکەمەوە داهێنا. ئەوسا نەمتوانی زێتر خۆم ڕابگرم، ڕامکردە لای دەرگەکە و بانگم کرد **ئەرێ**. لێ ئەو هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، لەوساوەش نەهاتۆتەوە بەر دەرگاکەم.

## بێ گومان پێڕادەگا

– گوتیان، بێ گومان پێڕادەگا. پێیەکانیان بەستەوە و پارچە پەڕۆیەکیشیان لە چاوی بەست.

لەسەر زەوی دایاننا و پێیان گوت، پەلە بکا.

نەیزانی بۆ پەلە بکا، لێ بەهەرحاڵ، تا توانای هەبوو گوڕی دا خۆی و بە باسکەکانی خشا.

لەناکاو زەوی لەبن باسکەکانیدا نەما، لێ درەنگ هەستی پێ کرد و وەک تۆپ کەوتە ناو بۆشاییەوە.

بەرلەوەی قووڵایی بەسەریدا دابخرێ، ئەوەی دواجار گوێی لێ بوو، پێکەنینی گاڵتەئامێزی ئەوان بوو.

– گوتیان، بەڵێ پێڕاگەیشت، و تۆزی سەر جلوبەرگیان داوەشاند.



## بنوو گۆمی دارستان

بنوو گۆمی دارستان
پێڵووی ماندووت لێک بنێ
تا تاریکی بتوانێ خەوت بپارێزێ و
خەون جێگەی ژیانت بگرێتەوە.
چاو لە قووڵایی ناختدا ئارام بکە
با سەرما بە شەختەیەکی تەنک
پێڵووی چاوت داپۆشێ
لەبن لێفەی ئەودا
گوڵە ئاوییەکانت
دەتوانن خەونەکانیان بە هاوینەوە ببینن.
هەموو گۆمەکانی دارستان بنوون!
وا زستانە!
لەبن لێفەی بەفرینیدا چاوەکانتان بشارنەوە.

بنوو گۆمی بچووکی دارستانم
پێڵووی ماندووت لێک بنێ.

## ماڵە تازیەدارەکە

چەند ڕۆژێک بەر لە سەفەر
ماڵەکەم شین دەگێڕێ
بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵ دەدا بمهێڵێتەوە.
وەک ئەوەی لە گۆشەی هەر ژوورێکدا،
شتێکی هەستپێنەکراو خۆی مڵاز دابێ.
تابلۆکان ناوەڕۆکیان ڕۆشنتر دەکەن
ڕەنگی نوێ – گرفتی تازەم دەدەنێ
کە دەبێ هەرئێستا چارەسەر بکرێ.
کتێبەکان پشتیان دەردەپەڕێنن
داوا دەکەن بخوێندرێنەوە، یان جارێکی دیش بخوێندرێنەوە و
ئازار دەچێژم، دەزانم پەیمانشکێنم.
کورسییەکان بە لالووتی بەدەوری ئەو مێزەی
ئێستا بێ مێوان دەبێ، کرۆکپ وەستاون و
بۆ هەرلایەک بڕۆم
گوێم لە ترپەی پێیە، کە هی من نین
گوێم لە چرپەچرپە، کە بۆ من نییە.
بەسەر قەنەفەکانەوە چاوەڕوانییەکی گرژهەڵگەڕاو دەخولێتەوە
ڕێک وەک ئەوەی کە مرۆڤ لە هۆڵی چاوەڕوانییە.
جێنووستنم بە زەوقەوە خۆی ڕادەخا



دەیەوێ بمهێڵێتەوە.
پەردەکان بە شپرێوی، بە قەدی چرچەوە هەڵواسراون،
لێ دەمژمێرەکان سەرڕاست چرکەچرک دەکەن،
کەچی هەست دەکەم، بە چرکەچرکی ئەوان ڕاناگەم.
ئاوێنەکە ڕوخساری ئاساییم پێشان نادا،
بەڵکو پەڵە هەورێکم پێشان دەدا
کە بای هەر چوارلا
بەملا و بەولایدا دەبا.
زەنگی تەلەفۆن زایەڵەی هەیە
وەک ئەوەی ماڵ چۆلوهۆل بێ.
لێ، لەگەڵ ئەوەشدا، سەیرترین شت ئەوەیە
ئەو شتانەش کە زۆر خۆشم دەوێن
بێ پەروا و نامۆ خۆیان دەنوێنن
وەک ئەوەی بیانەوێ ڕەخنەم لێ بگرن
یان ڕەنگە سەفەرم ئاسان بکەن.
کە پاشانیش دەڕۆم
قەت ناتوانم
بەرلەوەی بۆ تەنیایی جێی بهێڵم
بەبێدەنگی داوای لێبووردنی لێ نەکەم.

# خۆری ڕەشی شەو

سەرگەردانی خۆرێکیت
دەستی لێ بدەی
لەگەڵیدا بسووتێی
بۆی بگری
خۆشت بوێ
زۆرجاران بینیومە
کە لە پیاسەی ناو خۆر گەڕاویتەوە
دەستەکانت سووتابوون
لێوەکانت بە ئەستێران کون کون ببوون
دوا باڵندەش
بەترسەوە هێلینی چاوتی جێ هێشت
ئەو ژیانەی تۆ دەتویست
خەریک بوو ببێتە مەرگت.

ڕاستە کە ژیانت
هێور هێور بەرەو مردن دەبێتەوە
کە هەموو خۆرێک
بە دووریی، ژیانی خۆی دەپارێزێ
لێ، ئەوە چ باڵندەیەکە



کە هەمیشە لە دڵتدا
باڵەفڕە دەکا
ناچارت دەکا سەرگەردانی گریانی ئەڵماس بیت
ئای، ئەدی چۆن مردن
هەر لەبەر پێی ساتە جەربەزەکانی ژیاندا نییە.

شەو باڵەکانی بەسەرتدا نەوی دەکا
داتدەپۆشێ، دەتپارێزێ
باڵندەی بزێوی خەون مەستت دەکا
کریستاڵ دەستەکانت دەسووتێنن
ئازاری گڕ شادیت دەبێ
هەمان ئاواز ناچڕن تیژیی چەقۆ و جوانیی گوڵ؟
هەرێزی شینی دۆڵ لەباوەشت دەنێ
چاوبەخومار دەکەویتە ناو خۆشییەوە.

لەناو هەموو خۆرەکاندا
دەمەوێ خۆری ڕەشی شەوت بدەمێ:
باڵندەیەکی هەیە دەوێرێ بمرێ.

## ماڵئاوایی

ئیدی قەت دەستەکانت
لەسەر شانەکانم ئارام ناگرن
تا گوێ لە سەمای خوێن بگرن.
ئیدی قەت شانە خڕەکانم
لەناو خڕیی لەپت پشوو نادەن،
تا چاوەڕێی شەپۆلی شەپۆل بکەن.
ئیدی جەستەمان
چیتر هەمان ئاواز ناچڕن.

ئاوازی بلوێرە کە دەدوێ
تەنیایی تۆ
تەنیایی من
تەنیایی بلوێر هی ئێمەیە
من ڕێژنەیەک باران لە چاومدا دەبارێنم
تۆ مەتەڵ هەڵبهێنیت
کە تەنیا بۆ مەتەڵی ترت بیا.



## کچە نابیناکە

وەک وردەبەردی شینی دەریاییە
چاوە نابیناکانی ئەو
نە ڕووناکی ڕۆژ و
نە تاریکی شەوی دیوە.

گوێی لە دەنگی ئەو پرتەیە دەبێ
کە چراکان دادەگیرسێندرێن و
خامۆش دەکرێن.
هیچ لەبارەی بەردەوام ماڵئاوایی
شەو و ڕۆژەوە نازانێ.
گوێ لە قرچەقرچی
پرووشکە ئاگر دەگرێ.
وەک کە پشیلە خۆی لە نێچیر نزیک دەکاتەوە
ئەو بە دوودڵی لە کلێپەی گڕەکان نزیک دەبێتەوە
لێ هونەری ئەوە فێربووە
زۆر خۆی نزیک نەکاتەوە.

تکەتکی نەرمی دڵۆپەبارانی
سەر پەنجەرەی خۆشدەوێ،

وەک ئەوەی کە بانگی ئەو بکەن.
زۆرجاران لەبەر ڕێژنەدا دەوەستێ و
بەدەم پێکەنینەوە دەزریکێنێ
هەردوو باسکی درێژ دەکات و
دەستەکانی وەک جام لێ دەکا
تا پڕیان لە باران بکا

فرمێسکەکانی
وەکو دڵۆپە مرواریی بێ ڕەنگ
بەسەر کوڵمیدا دێنە خوارەوە.
گریانی
تاریکییەکی بە نووزەنووزە.

بە دڵخۆشییەکی منداڵانە
رادەکاتە ناو دارستانە نابیناکە
هەمیشە هەمان درەخت هەڵدەبژێرێ
بە نەرمونیانی
لە باوەشی دەنێ.

لەناو گوڵزاران دێتە سەر ئەژنۆ و
گوڵ دەچنێ
چێژ لە بۆنی خۆشیان دەچێژێ–



لێ لەناکاو تووڕە دەبێ
بە پێ بەسەر گوڵ دەکەوێ
ژان
روخساری گرژ دەکات.

بەم شەوە
لەسەرخۆ دەستی
بە جەستەی ڕووتیدا دەهێنێ
لە نهێنییەکانی دەگەڕێ
ئازار و چێژی بدەنێ.

لە ئاکامدا خەو بەندی دەکا و
وەک چاوساغان پێڵووەکانی لێک دەنێ.

## پرسیارێک لە دایک و باوکم

منتان نەدەویست-
کەچی
لە تونێلی تەنگەبەری زێدا
دەرپەڕێندرام-
هەر بەوە ڕاگەیشتم
چاوی ناسک بە خۆرم هەڵبهێنم،
کە وەک کارتۆنێکی زیندوو
فڕێدرام.

ئەوەیش نازانم کە
شیری مەمکی دایکمم خواردووە، یان نا.
لێ لەیادمە کە لە ناکاو
لەناو قەرەوێڵەیەکی قەفەزداردا
قیت وەستابووم
بە حەپەساوی توند خۆم گرتبوو.



## گوڵ

١

گوڵی باخچە
سێبەرێک و خۆرێکی هەیە
دژیان بێ
گوڵەکە خۆی
نە ئەستێرەیە و
نە خۆریشە.

٢

خۆشە جوانیی گوڵ
کە لە نێوانماندا هەڵمانگرتووە.
زۆر خۆشە
بە باوەشێک بشکێندرێیت.

٣

بە شەو گوڵەکە هاوار دەکا
ئای مەمچنە
هەر پشکۆی ڕەنگینم مەچنە
هەموو ژیانم بچنە
تا ئاگری هاودەمم
هەموو شەوەکان ڕەنگ سوور بکا.

**شەو**ەو

بەتەنیا لەبەر پەنجەرە دانیشتووم،
مانگ بە خەمگینی بەسەر دەشت و دەر دەدرەوشێتەوە
جارجارە با دەست بە پرچم دادەهێنێ،
جیڕە جیڕ لە پەنجەرە کراوەکە دێنێ.
گوێم لێیە، لە دوورەوە چێڵ دەبۆڕێنێ و
لە شوێنێکیش غژەغژی شەمەندەفەرێک دێ.
مێشوولە بەردەوام خۆیان بە جام دادەدەن،
خۆری تاریکی چراکەمە دەیانهێنێ.
پشیلە دەنووزێنەوە، سێبەری تاریک
لە سەربان دێن و دەچن، کەڵەبابێک
زوو لەخەو ڕادەبێ و بانگ دەدا،
لە دوورەوەش گوێم لێیە
چۆن ڕێبوارێک، لە هەنگاوەکانی خۆی ڕادەکا،
لێ، شەو لە قووڵایی تاریکایی خۆیدا، بەندی کردووە.



**ئەم** بێدەنگ کەوتنەی بەفری نەرم،
ئاونگی زیوینی یەکەم باران و
سەمای ئاگری دەست پێداهێنانی تۆم
خۆشدەوێ.

لێ، دەبێ ئاگادار بین
زریانەکان بەسەرماندا هەڵنەکەن
رووبارەکانی باران نەمانخنکێنن
ئاگرەکان تەشەنە نەکەن
دارستان بسووتێنن.

نامەوێ
هەریەکەمان بە گۆزەیەکی پڕ لە خاکسەری گریاوەوە
بمێنێتەوە.

**هیچ** ولاتێک
ولاتی من نییە.
هیچ باوکێک
باوکی من نەبوو.
هیچ زمانێک
زمانی من نییە.
هیچ دایکێک
دایکی من نەبوو.
ئەو کەسەی من خۆشم دەوێ
منی خۆش ناوێ،
ئەو کەسەش
کە منی خۆشدەوێ
من خۆشم ناوێ.
لە نەداریی منداڵی
خەونم بە کۆشکێک و دە ئەسپی ڕەشی
سوار جل زێڕینەوە بینی:
لە گەردوگوڵی بەیانییان
سوارەکان لەبەر پەنجەرەم دەوەستان
دەستیان بۆم هەڵدەبڕی
من پەنجەرەم دەکردەوە و



دە کلیلم فڕێ دەدا
لێ، هیچێکیان بۆ دڵی ئەوان نەدەبوون و
منیش
بەسەر نەدارییەکەدا دەکەوتمەوە.

ئەو کەسەی منی خۆشدەوێ
من خۆشم ناوێ،
ئەو کەسەی منیش خۆشم دەوێ
منی خۆش ناوێ.

**بە** تیرت لە ناوم بمێنەوە
تا بە لەداردانم بتوانم
لە منداڵدانمەوە خۆری بچووک بزێنم.
بە سەری پەنجەکانت یاری بە مەمکەکانم بکە
تا بە پێکەنینەوە بۆ بۆشاییەکان هەڵبکشێن.
وەک کەوانێک جەستەم بگرە، لێ ڕووی لە جەستەی خۆت بکە
تا، سەرکڵی چێژ دەمانوەشێنێ.



**باران** بەسەر ئەوینماندا دەبارێ
لێ ئەوین چییە
ئەگەر جارجار خوڕەی فرمێسک
پاکی نەکاتەوە.

با بەسەر ئەوینماندا هەڵی کردووە
لێ ئەوین چییە
ئەگەر هونەری ئەوە نەزانێ
کە بەدەم با و لەبەر بادا سەما نەکا.

تاریکایی بەسەر ئەوینماندا دەکشێ
لێ ئەوین چییە
ئەگەر یادەوەری ڕووناکی نەبێ
تاریکایی پێ ڕاوبنێ.

کەسێک، یان شتێک خراپی ئەوینی ئێمەی دەوێ،
لەیەکدیمان بکا:
تەنیاش بم
هەر لە یادەوەرییەکانی ئەوینمان
وزە دەمژم
هەروەک منداڵێکی بچووک
کە وزە لە مەمکی دایکییەوە دەمژێ.

**رۆژێکی** باراناویت دەدەمێ
لێ نەک بە دڵۆ پەبارانی وا
کە با بیهێنێ و
توند بە پەنجەرەی دابدا.
بەڵکو نەرمە بارانێکی وات دەدەمێ
وەک کە  فرمێسک
بەسەر کوڵمێکی خەمگینندا دێتەخوارێ.
برۆ بەر باران، چێژ لە ئازادیی وەربگرە،
با باران پرچت بشوا.
لە ئاسمان ڕابمێنێ –
دەبینی چۆن هەورەکان
سەریان لە دوویەکدی ناوە و تێکەڵی یەکدی دەبن؟

مەچۆ خەڵوە
لەبەر ئەم بارانەدا، ئەمسەر و ئەوسەر بکە
گوێ لە گۆرانییەکانی بگرە.
با خەون و خەیاڵت ببنە ڕاستی.
ئەوسا دەچیتە ناو دارستانی خۆتەوە و
بۆنی باران و
گۆرانیی سافی
دەتباتە باوەشی خەوەوە.



**خۆشە**ویستم
پێم مەڵێ
کەی لەناو جێخەوی ئەوینمان
ڕادەبیت
لێم گەڕێ با
لە تاریکایی ئەوینمان بمێنمەوە
لێم گەڕی با
بە یادەوەریی دەست پێداهێنانتەوە بنووم.

خۆشەویستم
وریا برۆ
تاریکایی شەوێک
لەنێوانماندا دەڕوێ
کێ دەزانێ
لەناو تەمی بەیانیدا
یەکدی دەدۆزینەوە.

خۆشەویستم
بێ قسە
جێم بهێڵە.

**تۆ** بەخشیت و
من وەرم گرت
لێ، خەم مایەوە و
وەک پیرەمێردێک
کە لەسەر ڕێگەی گەنجان
خۆی بەلاوە دەنێ
کەمێک خۆی بەلاوە نا.



**ماندوو** لەخۆم
ژیانی خۆمم جێ هێڵا
چوومە وڵاتی لەدایک نەبووەکان
لەوێ، چاوەڕێ بوون ئەوانەی بە ژیان سزا درابوون
بەدوای کەسێکدا گەڕام ڕەبەن بێ
بەنێو
هۆڵەکاندا هات
بانگیم کرد
لێ گوێی لێم نەبوو
لەسەر ڕێگەی وەستام
بەنێومدا ڕەت بوو
لێ چاوەکانمی لەگەڵ خۆی بردن و
فڕێی دانە قووڵاییبیەوە.

**دەرگەی** ژوورەکەمم کردەوە
لێ کە بینیم
لەوێ دانیشتبووم
دامخستەوە و لەسەرخۆ
لە پلیکانە شۆڕ بوومەوە،
تووشی خۆم بووم
بەسەردەکەوت
خەریک بوو پێی بڵێم
لەسەرەوە دانیشتووم
بەڵام پەژیوان بوومەوە و
لە دڵی خۆمدا گوتم:
ئەوجا چییە.

کە هاتمە سەر شەقام
خەڵک بەدەوری پیاوێکەوە ئاخنا بوون
کە ئاوێنەی دەفرۆشت.
ئاوێنەی وا، کە دەیتوانی
چرکەیەک بۆ دواوە بگەڕێتەوە.
" ئەگەر لەم ئاوێنەیەدا سەیری خۆتان بکەن
هەر کە لە خەو ڕابوون
پێڕادەگەن خۆتان بەنووستوویی ببینن".
ئاوێنەیەکم کڕی
خستمە گیرفانم و



بەدەم خەیاڵەوە
بەرەو قاوەخانەکەم بوومەوە.
کەچی لەوێ دانیشتبووم
گەڕامەوە، چوومە سەر بەندەر و
لە دەریام ڕووانی.
لەوێ مانگ بە پێکەنینەوە
لەسەر ئاو سەمای دەکرد
لە تەنیشتی دانیشتم و
ڕۆژنامەیەکم خوێندەوە.
" دەکرێ مرۆڤ هێندە زوو بمرێ
کە بتوانێ شاهێدی
مردنی خۆی بێ؟"
بینیم چۆن ڕۆژنامەکەم
بەچاوی مانگە پێکەنیوەکە دادا.

پشتم لە دەریا و
رووم لە شار کرد
لە بەر دەروازەی ماڵمدا نائارامییەکی زۆر هەبوو
کە تاماشای پەنجەرەم کرد
بینیم لەوێ وەستابووم و گوتارم دەدا
گوێم لە خۆم بوو بڵێ
"مرۆڤ دەتوانێ، هێندە زوو بمرێ
کە پێڕابگا
شاهێدی مەرگی خۆی بێ"
بە پێکەنینەوە ئاوێنەکەم دەرهێناو
فڕێم دا.

**رۆژێکیان** ئارامم نەما
جوانترین ئینجانەم هەڵگرت و
شکاندم.

جوانترین ئینجانەم
شکاند.

رامکردە سەر دوندی چیا
سەوزترین لکم شکاند و
بەسەر سەرمەوە سووڕاندم.

سەوزترین لکم
بەسەر سەرمەوە سووڕاند.

رامکردە سەر دەریا
گەورەترین بەردم هەڵگرت
وەشاندمە لەخۆبایی بوونی دەریا.

گەورەترین بەردم
وەشاندە لەخۆبایی بوونی دەریا.



چوومە دارستان
بچووکترین گوڵم چنییەوە
دەمی سووریم ماچ کرد.

دەمی سووری
بچووکترین گوڵم ماچ کرد.

گەیشتمە سەر کانی
ئاوی سازگاریم هەڵگرت،
بیابانی نێوچاوانم ئاوڕێژکرد.

بە ئاوی سازگاری کانی
بیابانی نێوچاوانم ئاوڕێژکرد.

پاشان گەڕامەوە سەر
جوانیی شکاوی ئینجانەکە
بەسووکی پێم لە پارچەکانی دا
ژیانی نوێی گوڵێکم بینی

لەناو پارچەی ئینجانەکەدا
ژیانی نوێی گوڵێکم بینی.

## بێ تاسە- ژیان نییە

بژاردە

١

راستترین ئەوین
خەونێکە
کە قەت نایەتە دی
یان تاسەیەکە
کە هەرگیز خامۆش ناکرێ و
هەموو ژیانیشمان
ئەم هەستە بەدوامانەوەیە.

٢

چی سەختترە؟
لەگەڵ تەنیایی خۆت
تەنیابیت،
یان لەناو زەریایەک خەڵک
هەست بەتەنیایی بکەیت؟

پێم بڵێ،



شادیم لەگەڵ کێ بەش بکەم،
لای کێ
باسی خەمم بکەم؟

دەبێ
لە ژیانمدا
چەند فرمێسکم ڕشتبێ؟
ئەدی بۆ زەنگی کڵێساکان
زرنگوهۆڕیان هێندە خەمگینە،
ئەگەر بۆ زەماوەند
یان بۆ تەرم شاردنەوەش بێ؟

دەبێ ڕێگەی کۆرپەش بەرەو ژیان
وەک ڕێگەی ژیان بەرەو مردن
بە ژان بێ؟

٣

من داوام نەکرد
لەدایک ببم و
کەسیش
بەخێری نەهێنام بۆ ژیان
کەچی،
دەبێ مەرگم بدەمە ژیان.

٤

به چرای خۆتەوە
ڕاست بە ڕێگەدا بڕۆیت
باشترە لەوەی
بخزێیتە ناو
تاریکایی خۆئازاردەری خۆتەوە:
نامەردییە
تف لەخۆت بکەیت.

٥

باڵندەیەکی بچووک
بچووکتر لە نینۆکی
پەنجەی بچووکم
لە کەنار
هەڵنیشتەوە
بەئاستەم جریوەی هات
سێ هەنگاوی بچووکی هەڵهێنا و
زۆر زوو
لە ئاسۆدا ون بوو
من دڵنیا نیم
لەوەی
کە ئەمە هەر خەونێک بێ.



٦

گەردوگوڵی بەیانییەک
لەناو دارستانێکی بچووکدا دەڕۆیشتم
ئەوسا خۆر بە تیشکی ڕووناکی
سێبەری بەخشیبووە درەختەکان
کە بەدەم بای بزێوەوە
لەسەر زەوی
بەلادادەهاتن و دەچوون:
گەلێ جاریش لە درەختەکان درێژتر دەبوون.

زۆر سەرنجی سەمای سێبەرەکانم دا
لێ–
بیرم بۆ ئەوە چوو،
ئەدی کوا لەکوێیە سێبەری من؟
نە لە بەر دەمم و نە لە پشتەوەم،
نە لە لای ڕاست و نە لە لای چەپم نەمبینی.

تەواو حەپەساو وەستام
بەدیقەتتر سەرنجی ناو دارستانم دا
ئاسکێک بەرانبەرم هات،
لەسەرخۆ بەلامدا ڕەت بوو –
سێبەری خۆی لەگەڵدا بوو،

نەیبینیم،
ون بوو.

کەروێشکە کێوییەکی ترساو بە ڕاکردنەوە هات:
وا پێ دەچوو،
بەدوای سێبەری خۆی کەوتبێ–
ئەویش نەیبینیم و
ون بوو.

منداڵێکی چاو بەفرمێسک بەرەو ڕووم هات
باوەشم بۆی کردەوە
لێ ئەویش نەیبینیم و
ون بوو.

بەترسەوە،
رووەو ماڵ بوومەوە.
لەبەر ئاوێنەدا وەستام
دەمویست ڕوخساری خۆم ببینم،
لێ، دیار نەبوو.
کەواتە دەبێ
مردبم.




### ٧

درەخت
بە ڕەگی خۆی گوت، نا
نامەوێ
چرۆی تر بدەم.

ماندووم
دەمێکە باڵام
بڵندتر نابێ
خۆ هەر ناگەمە
ئاسمانێک کە نییە:
هەر بۆشاییەکی بێ کۆتاییە.

ڕەشەباکان
زۆر لکیان شکاندم
چڵەپۆپەی سەربڵندییان هەژاندم
ئەو لکانەی کە ماومن
بەتاسەوە
خۆیان بۆ زەوی نووشتاندۆتەوە.

ڕەگ وەڵامی نەبوو
ڕەنگە لەناو گۆڕی خۆیدا بێ.



# توماس ترانسترۆمەر

-١٩٣١

توماس لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوی ١٧ **شیعر** بڵاوکردەوە. شێوازێکی پێگەیشتوو، شیعرەکان باش و فۆڕمەکانیش زۆر بە دیقەت نەخش کرابوون. نووسینی شیعری باش و گەشەی شێوازی تایبەتی خۆی، لە کۆمەڵە شیعرەکانی دوای ١٧ **شیعر**یشدا بەڕۆشنی دیارن. بەجۆرێک، ئەمڕۆ توماس لە سوێد و دەرەوەی سوێدیش، بەپێشەنگی شیعری نوێی سوێدی ناودەهێندرێ.

شیعرەکانی توماس بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراون و شێوازی ئەو کاریگەرییان بەسەر زۆر شاعیری نەوەی نوێی سوێد و دەرەوەش هەیە.

# لیسابۆن

له گەڕەکی **ئەلفامە**دا، شەمەندەفەرە زەردەکان
بەسەر هەورازەکانەوە گۆرانییان دەچڕی
لەوێ دوو گرتووخانە هەبوون، یەکێکیان بۆ دزان بوو
له کەلێنی شیشی پەنجەرەکانەوە دەستیان هەڵدەبڕی،
هاوارییان دەکرد و دەیانویست وێنەیان بگیرێت

بلیتفرۆشەکە بە دوودڵی و بە تەوسەوە خەنییەوە و وتی " بەڵام لێرە"
" لێرە سیاسییەکان بەندن ". من ڕووی گرتووخانەکەم بینی
ڕوویم بینی ڕووی، لەسەرەوەش پیاوێکم له بەر پەنجەرە بینی
دووربینێکی بە چاوەوە نابوو و تەماشای دەریای دەکرد.

جلوبەرگی شوشتراو هەڵواسرابوو، شوورەکان داغ ببوون
مێشوولەکان نامەی میکرۆسکۆپییان دەخوێندەوە
دوای شەش ساڵان له خانمێکی لیسابۆنیم پرسی:
" ئەمە ڕاستە، یان من خەونم بینیوە؟"



# شەوێکی زستان

ڕەشەبا دەمی بە خانووەکانەوە دەنێ و
فووی لێ دەکا تا دەنگی بێ.
من نیگەران نووستووم، خۆم وەردەگێڕم و
بە چاونووقاوی نووسینی ڕەشەبا دەخوێنمەوە.

بەڵام چاوەکانی منداڵەکە لە تاریکیدا گەورەن و
ڕەشەبا بۆی گڤەگڤ دەکا.
هەردووکیان حەزیان لە چرایە بخولێتەوە.
هەردووکیان لەنیوەڕێی زماندان.

ڕەشەبا دەست و باڵی منداڵانەی هەیە.
کاروانەکە بەرەو **لاپلاند** غاردەدا.
خانووەکانیش حەوتەوانەی بەبزماریان دەناسن
کە دیوارەکانی ڕاگرتووە.

شەو بەسەر زەوی ناو ماڵمانەوە ئارامە
(لەوێ ترپەی هەموو هەنگاوەکان
وەکو گەڵای کەوتووی ناو گۆم پشوو دەدەن)

بەڵام لەدەرەوە شەو بزێوە!

ڕەشەبایەکی توندتر بە دنیادا هەڵدەکا.
دەمی بە ڕۆحمانەوە دەنێ
فووی لێ دەکا تا دەنگی بێ
دەترسێن ڕەشەبا بەتاڵمان بکا.



## ناو

ئوتومبیل لێدەخوڕم و بەڕێوە خەو دامدەگرێ و لادەدەمە بن درەختەکانی سەر ڕێگەکە. لەدواوە خۆم گرمۆڵە دەکەم و لێی دەنووم. چەند؟ چەندان سەعات. تاریک داهات.

لەناکاو بێدارم و خۆم ناناسمەوە. تەواو بێدارم بەڵام بێ سوودەیە. لەکوێم؟ من کێم؟ من شتێکم و لەدواوەی ئوتومبیلێک بێدار دەبمەوە، وەک پشیلەیەکی ناو گونییەیەک بەدەوروبەری خۆمدا دەردەپەڕم. کێ؟

تا ژیانم گەڕایەوە. ناوم وەکو فریشتەیەک دێت. لە دەرەوەی شوورەکاندا تووتەی بۆقییەک دێت، وەک لە ( لیۆنورە ئۆڤێرتیر) دا و هەنگاوە فریاکەرەکان بە خێرایی بەسەر پلیکانە زۆر درێژەکەدا دێنە خوارەوە. ئەوە منم! ئەوە منم!

بەڵام مەحاڵە خەباتی ئەو پازدە چرکەیەی دۆزەخی لەبیرچوونەوە، لە چەند مەترێک لەملاوەی ڕێگە گەورەکە، کە ئوتومبیل بە چرا داگیرساوییەوە، بەسەریدا ڕەت دەبوون، لەیاد بکەم.

## درەخت و ئاسمان

درەختێک لە بەر باراندا دەڕوا،
لەو ڕەهێڵە خۆڵەمێشییەدا بەپەلە بەلاماندا گوزەر دەکا.
کارێکی هەیە. وەکو باڵندەیەکی ناو ڕەزێک
لە بارانەکەوە ژیان دێنێ.

کە بارانەکە دەبڕێتەوە، درەختەکە دەوەستێ.
لە شەوانی ساماڵدا بێ جوولە و قیت، وەک تارمایی دەبیندرێ
وەکو ئێمە چاوەڕێی ئەو ساتەیە
کە کڵۆی بەفر لە بۆشاییەکانەوە دەبارێ.



## غەزەل

دەرگای یەکەم دەکەمەوە.
ژوورێکی گەورەی بە خۆر ڕووناکە.
لۆرییەک بەسەر شەقامدا ڕەت دەبێ و
قاپوقاچاغ دەلەرێنێ.

ژووری ژمارە دوو دەکەمەوە.
هاوڕێیان! تاریکیتان خواردەوە و
بەدیار کەوتن.

ژووری ژمارە سێ. ژوورێکی تەنگەبەری هوتێلە.
رووی لە شەقامی پشتەوەیە.
چرایەک کە لەسەر قیرتاوەکەدا دەبریقێتەوە.
بەرهەمی جوانی ئەزموونەکانە.

## نهێنی بەڕێگاوە

تیشکی خۆر دای لە ڕوخساری نووستووێک.
خەونێکی خۆشتری بینی
بەڵام ڕانەبوو.

تاریکی دای لە ڕوخساری یەکێک
کە لەناو خەڵک
لە بەر تیشکی بە تین و بزێوی هەتاودا دەڕۆیشت.

لە ناکاو، وەک ڕێژنە دادەکا، تاریک داهات.
من لە ژوورێک وەستابووم، کە هەموو ساتێک
جێی پێشانگەی پەپوولەی لێ دەبۆوە.

کەچی خۆر هەروەکو جاران بە تین بوو.
فلچە بزێوەکانی دنیای دەنەخشاند.



## چیای ڕەش

پاسەکە لە پێچەکەی دی لە بەر سێبەری ساردی چیاکە دەرچوو
لمووزی لە خۆر کرد و بە گڕەگڕ سەرکەوت.
لە پاسەکەدا ئاخناو بووین. نیوە پەیکەری دیکتاتۆریشی تێدابوو،
لە ڕۆژنامە پێچرابوو. بوتڵێک ئەم دەم و ئەو دەمی کرد
نیشانەی مەرگ، یەک لەدوای یەک کەوتە سەر هەمووان.
لەسەر چیاکان. دەریای شین بە ئاسمان گەیشت.

# بەلەم - گوند

شەپۆل و گێژاوەکانی بەلەمێکی ماسیگرتنی پورتوگالیی، کەمێک
ئۆقیانووسی ئەتلەنتی دەهەژێنێ.
خاڵێکی شین لە دوورەوەیە، کەچی من لەوێم- شەش کەسەکانی ناوی،
هەستیان نەکرد کە حەوت بووین.

بینیم بەلەمێکی وەها دروست بکرێ، وەک عودێکی گەورەی
بێ ژێ لەناو بەستێکدا کەوتبوو:
گوندەکە بە تووڕەیی ئارامی و بێ ئارامییان
دەشوشت و دەشوشتەوە.



# Kyrie (*)

هەندێ جار ژیانم لە تاریکاییدا چاوی هەڵهێنا.
هەستێک وەک ئەوەی خەڵکێکی زۆر بە نابینایی و
نائارامی بەسەر شەقامەکاندا بۆ موجیزەیەک دەڕۆن
منیش بە نەبیندراوی دەمێنمەوە.

وەک ئەو منداڵەی بەترسەوە
بە گوێگرتن لە کوتەکوتی دڵەوە زۆر دەنوێ.
زۆر، تا بەیانی تیشکەکانی دەخاتە ناو قوفڵەکان و
دەرگەکانی تاریکایی دەکرێنەوە.

(*) Kyrie وشەیەکی گرێکییە، واتە: دوعا و نزای سەر نوێژ.

# زۆر هەنگاو

ئیکۆنەکان ڕوو لە ئاسمان لە خاک نران و
زەویش بە تایە و پێڵاو، بە هەزار هەنگاو
بە دە هەزار هەنگاوی گرانی بە گومانان
پەسترایەوە.

لە خەوندا چوومە ناو مەلەوانگەیەکی خۆڕۆشنکەری بن زەوی،
نوێژێکی بەجوولەیە.
تاسەیەکی چەند بە جۆشە! چ هیوایەکی گەمژانەیە!
لە سەرەوەی منیشدا، پەستانەوەی میلیۆنان کەسی بەگومان هەیە.



# یادەوەرییەکان دەمبینن

بەیانییەکی جۆزەردان، کاتێک کە زۆر زووە لە خەو ڕابم
لێ، زۆر درەنگە بۆ ئەوەی بنوومەوە.

دەبێ بچمە ناو بژوێن، کە پڕە لە یادەوەری و
بە نیگایان دەمڕواننێ.

ئەوان دیار نین، بەتەواوی لەگەڵ دەشت و دەر
تواونەتەوە، حەربای باشن.

هێندە نزیکن، گوێم لە هەناسەدانیانە
بەڵام جریوە جریوی باڵندان سەرکاسکەرن.

## موزیکی هێور

تەلارەکە داخراوە. خۆر لە پەنجەرەکانەوە دەخزێتە ژوورەوە و
رووی سەرەوەی مێزەکان گەرم دەکاتەوە،
کە توندن و بەرگەی گرانیی چارەنووسی مرۆڤ دەگرن.

ئەمڕۆ لەدەرەوەین. لەسەر ئەم لێژاییە پان و درێژە داین.
زۆرکەس جلوبەرگی ڕەشی لەبەردایە. دەتوانین لە بەر خۆر بوەستین،
چاو بنووقێنین و هەست بکەین چۆن هێورهێور فوو لەپێشەوە دەکەین.

کەم جاران دەگەمە سەر ئاوەکە. لێ، وا ئێستا لێرە،
لەناو بەردی پشت ئازادم.
بەرد کە هێورهێور و پشتاوپشت لە شەپۆڵەکانەوە هاتن.



## لە بارەی مێژوو

١

ڕۆژێکی ئادار دەچمە سەر گۆل و گوێ ڕادەدێرم.
شەختە وەک ئاسمان شینە. لەبن خۆردا دەشکێ.
خۆریش لەبن شەختەدا لە میکرەفۆنێک دەچرپێنێ.
تەقەتەق و بڵقەبڵق دەکا. وەک ئەوەی کەسێک لەدوورەوە
چەرچەف دابوەشێنێ.
هەمووی لە مێژوو دەچێ: **ئێستا**مان. نقوم کراوین، گوێ ڕادەدێرین.

٢

کۆنفرانسەکان وەک دوورگەی سەر ئاوڕۆن، خەریکە نقوم بن...
پاشان: پردێکی لەرزۆکی مساوەمە
بەسەریدا، لەبن ئەستێرەدا،
لەبن ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوی لەدایک نەبووەکاندا،
کە فڕێ دراونەتە بۆشاییەوە. وەک دەنکە برنج شاراوەن.
هەموو هاتوچۆکان بەوێدا دەبێ.

٣

**گۆتێ** ساڵی ١٩٢٦ لە ئەفریقا گەڕا، خۆی کردبووە **جید** و
هەموو شتێکی بینی.

هەندێ ڕوخسار بەو شتانەی دوای مەرگ دەیانبینن ڕۆشنتر دەبن.
کاتێک دەنگوباسی جەزائیر خوێندرایەوە
خانوویەکی گەورە دیارکەوت، هەموو پەنجەرەکانی ڕەش کرابوون
هەموویان، بێجگە لە یەکێکیان نەبێ، لەویاندا ڕوخساری **درێیفوس**م
بینی

٤

رادیکال و شۆڕشگێڕەکان، وەک لە ژن و مێردایەتییەکی نائاسوودەدا،
بەیەکەوە دەژین
ئاکاری یەکدییان وەرگرتووە، وابەستەی یەکدین
لێ، ئێمە کە منداڵی ئەوانین، دەبێ خۆمان دەرباز بکەین
هەموو گیروگرفتێک بە زمانی خۆی بانگ دەکا
وەک سەگێکی شوونهەڵگر بەسەر ئەو شوێنەدا بڕۆ کە ڕاستی پێی
لێناوە!

٥

لەم دەشت و دەرە، نە زۆر دوور لە ئاوەدانی،
چەند مانگێکە ڕۆژنامەیەکی لەبیرکراوە کەوتووە، پڕە لە ڕووداو
شەو و ڕۆژ، لە بەر باران و بەر هەتاودا کۆن دەبێ
خەریکە دەبێ بە بنچکێک، بە سەرەکەلەم، خەریکە لە خاکدا دەتوێتەوە
وەک یادەوەرییەک کە لەسەرخۆ بۆ خۆت دەگۆڕێ.



## ئیزمیر سەعات سێ

هەر لە بەر دەمم، لەسەر شەقامە مەیلەو چۆلەکەدا
دوو سواڵکەر، یەکێکیان بێ پێ
ئەویتر لە پشتی کردبوو.

وەستان– وەک لە نیوەشەودا لەسەر ڕێگەیەک، ئاژەڵێک
دەوەستێ، لە چرای ئوتومبیل دەڕوانێ و نابینای دەکا–
ساتێک و پاشان پێ هەڵدەگرێ.

وەک کوڕێژگەی گۆڕەپانی قوتابخانان هەڵدەبەزن،
بە پەلە لە شەقام پەڕینەوە، کە هێشتا دەمژمێری یەکجار زۆری
گەرمای دوای نیوەڕۆ، لە بۆشاییەکان چرکەچرکیان دەکرد.

شین، پرتەپرتکەر بەسەر بەندەردا گوزەری کرد.
ڕەش، هەڵکورما و بچووک بۆوە. لەناو بەردەوە دیقەتی دەدا.
سپی، لەناو چاودا بوو بە گەردەلوول.

کە سەعات سێ بە ناڵان پێی لێ نرا و
تاریکایی ڕمبەی لە دیواری ڕووناکی دەهێنا
شار لە بەر دەرگەی دەریادا هەڵکورمابوو و
لە بەر چاوی سیسارکەکەچەڵ دەدرەوشایەوە.

# وێستگە

شەمەندەفەرێک هاتە ناوەوە. واگۆن بەدوای واگۆنەوەیە،
لێ، هیچ دەرگەیەک ناکرێتەوە،
نە کەس دادەبەزێ و نە کەسیش سواردەبێ.
چما هیچ دەرگەیەک هەیە؟ ناوەوەی ئاخندراوە بە مرۆڤی
دەرگە بەڕوودا داخراو،
لە پەنجەرە نەکراوەکاندا دیقەتی دەرەوە دەدەن.
لە دەرەوەش پیاوێکی چەکوش بەدەست بە درێژایی شەمەندەفەرەکە دەڕوا.
لە شەمەندەفەرەکەی دەوەشێنێ، بەئاستەم دەزرینگێتەوە، هەر ئێرە نەبێ!
ئێرە دەنگێکی زۆر گەورەی لێ دێ: هەورەتریشقەیە،
دەنگی زەنگی کلێسایە، دەنگی کەشتییە،
کە شەمەندەفەرەکە و بەردی تەڕی ئەم دەوروبەرە هەڵدەبەزێنێ.
هەموو شتێک گۆرانی دەچڕێ. ئەمەتان لەبیر بێ، بەردەوامبن و بڕۆن!



# لارس گوستافسۆن

-١٩٣٦

نووسەرێکە، کەس هێندەی ئەو سەرقاڵی نووسین نییە، هەردەم لە چەند پرۆژەیەک کار دەکات. تا ئێستا نزیکەی هەشتا کتێبی چاپ کردووە، کە شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و ڕەخنەی ئەدەبین.

هەر لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە وەک پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانکۆی تێکساس، ئۆستن لە ئەمریکا کاردەکات. لەوێوە ڕەخنە لە سیاسەتی سوێد دەگرێ. بەمەش وەک ڕەخنەگرێکی سیاسیش دەنگی دەبیسترێ.

لارس فۆرسێل کە شاعیرە و ئەندامی ئەکادیمیای سوێدیشە، لەبارەی شیعرەکانی لارس گوستافسۆن نووسیویەتی: زۆر ئاسانە شتێک کە جارێک کردووتە، یان بیرت لێ کردۆتەوە، بە بیرت بهێننەوە. بەڵام هەندێ جار لە دنیای شیعردا، مرۆڤ شتی وای بیر دەخرێتەوە کە پێشتر بەسەریا نەهاتووە. من زۆر جار لە شیعرەکانی لارس گوستافسۆندا وام بەسەرهاتووە.

# کەی دەمی مرۆڤ تەڕ بوو

ئەم کوڕە چکۆڵەیە دەپرسێ:
لارس کەی دەمی مرۆڤ تەڕ بوو؟

چۆن؟ ئا وابزانم
هەر لەسەرەتاوە تەڕ بووە

بێگومان هەر لە منداڵداندا تەڕە
خۆ ئەوێ هەمیشە هەر تەڕە

ئەمە ڕوون و ئاشکرایە
هەندێ شت تەڕتری دەکا

ئا، دەمی مرۆڤ هەمیشە هەر تەڕ بووە
ئەم تەڕییە کۆتاییێکی هەیە
لێ ڕۆژێکی دیاریکراوی نییە کە تەڕ دەبێ.



# جامی پەنجەرە

بە منداڵی خەونم بە شتی وا دەدی
کە هی ژیانە بێدارەکە بوون و

دەمویست بیانهێنمە ناو خەونەوە
ئەوسا بێدەنگ هاتن و
لەگەڵم بوون،

بێدەنگ خۆیان خزاندە ناو دەستم،
دەمویست بیانگەڕێنمەوە پاشان لە خەوندا شتی سەیروسەمەری تر هاتن

هەمیشە سەخڵەت دەبووم
کە دەستبەتاڵ لە خەو ڕابم

پەچەی جام، دیواری ساختە

وا پەپوولەییێک ڕوو لە پەنجەرە باڵەفڕە دەکا.

## پەنجەرەی لەناکاوی خانووی دوورەپەرێز

جارێک بوێرە
سەیری ژووری خەڵک بکە
کە هەمیشە بۆ گەڕیدە کراوەن

ئەم متبەخە لەناکاو ڕووناک بووە
کە لەپەنای ڕێگەی بڵندی شەمەندەفەرە
چاوترووکانێکەو

شەمەندەفەرە خێراکە غژەی دێ و ڕەت دەبێ
ژنێک، بەسەر کەسێکدا نوشتاوەتەوە
کە لەسەر مێزێک دانیشتووە،

ڕەنگە بۆ ئەوەی شتێک بڵێ،
یان زێتر شۆربای بۆ لە لەگەن بکات

پاشان هەموو شتێک ون دەبێتەوە
ئەوسا ئەو هەستەت دەبێ

کە شتێکی یاساغ بزانی



## بێ ئارامەکە

ئەم مێرمنداڵە تورکە
وەک مەکینە بێ ئارامە
لەناو توونێلبانەی فرانکفۆرتدا
ڕوو لە تاریکی ئەودیوی پەنجەرە
بەردەوام مست لە جام دەدا
کەچی دەشزانێ
تا وێستگەی داهاتوو
دەرگە ناکرێتەوە
چی دەوێ؟ ئایا ئەو منم؟

## بێجوولەیی لە سەرەتای ڕۆژە گەرمەکاندا

بەیانی زووی ڕۆژێکی گەرمە
ئاوەکان قووڵ و ڕەش دەبن

پەڵە هەورێکی تەنیا سێبەرێکی خێرای کۆچەری
دەخاتە سەر خاڵێکی دارستانێکی زۆر گەورە

لە بنیشیدا چۆلەکەکان دەجریوێنن

ڕۆحێکت هەبێ، وەک ئەوە وایە
ساتێک بکەویتە بەر سێبەری گەڕۆکی هەورەکە.



## شیعری لەبارەی ڕێڤیسیۆنیزم

داخراو لەناو شەمەندەفەری خێرای شەودا

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدا بفڕێ
دەشبینێت دەکرێ بەباشی

لە بنەبانی خوارووی واگۆنەوە بۆ هی ژووروو بفڕێ
لەئێستاوە مێشوولەییێکی زۆر ژیرە و

شەمەندەفەرەکەش خێراتر بۆ ناو شەو دەڕوا

## لە وڵاتێکی نامۆدا

لە مەمەڕی کەم ڕووناکی هوتێلێکی شێوە کۆندا
مافووری زۆر نەرم
کە دەیانساڵە گەسک نەدراوە
بەدرێژایی دیوارەکان چەند دۆلابێکی گەورەی داربەڕوو هەیە
لە هەر دۆلابێکدا
نیوە پەیکەرێکی مەڕمەڕی گۆتێ هەیە
بۆ ئەوەی نەزانێ
کە بەندی ئەم حکومەتە نوێیەیە.



## لە جووڵانەوەدا

"ئێستا منداڵێک بە شەقامێکدا شۆڕدەبێتەوە
کە هێندە چۆڵە هێشتا کەس لە خەو هەڵنەستاوە.
فیتفیتەییێکی بەدەمەوەیە و فووی پیا دەکا
ئاوازێکی بە نەغمەیە."

هێندە زووە، ڕەش و سپییە.
سپی وەک لە خەودا، ڕەش وەک بەرەبەیان،
ئەمە وێنەییێکە، بەڵام مانای چییە؟
شتێکی زۆر گرنگە، لای کێیە؟

وەرزێکی تایبەت نییە، تەنیا زووە،
ئەمە ڕۆژێکی نادیاری ساڵی ١٩٣٨ دەبێ،
کە سەعات لە کەلێنی چواروپێنجی بەیانییە.
ئەوەی بەتەنیا گەواهی ئەمە دەدا دوو ساڵانە.

ئەگەر بتوانی ئەم بدۆزیتەوە، تێدەگەی،
بەڵام بێ مانایە، مەحاڵە، ئەم ونبووە،
ئەو کەسەیە کە منم، ٢٧ ساڵە تەمەنم،
ون بووە، وەک کە ئێستا وا ون دەبم، نابینیت؟

بڕوام پێ بکە، هیچ ڕێکخستنێک نییە،

هی ڕووی پەنیش نییە و
خانوویێک هەیە، پلیکانەیەکی پەیژە ئاسن هەیە،
وا درەختێک لەرییەوە، ئاوازێکی بەنەغمەی هەیە...

بێ گومان دەتوانی بچیتە ئەوێ و خانووەکان،
درەختەکان، دیواری پلیکانە، دوکانی شیرفرۆشی و
شەقامی فرانکێ ببینیت . بەڕێککەوت هەموویان ماون،
هەر بەئاسانی دەکرا شوێنێکی تر بان.

هەر ئەوە هەیە کە هەردەم دەمێنێ،
لێ، نەک ئەوەی تاهەتایە دەمێنێ.
ئەمە مەحاڵە، مەحاڵە مەحاڵ:
ئەوەی کە تۆ بەدوایدایت لە وێنەکاندا نییە و

تاکە شتێکیش کە هەبێ، وێنەکانن ماون،
کەس نازانێ هی کێ بوون و مانایان چی بوو،
بڕوام پێ بکە، ڕێکیی ڕووی پەنی، یان پەنامی دەروونیش نییە

"فیتفیتەییێکی بەدەمەوەیە و فووی پیادەکا
ئاوازێکی بە نەغمەیە."

کەواتە جیهان پڕیەتی لە وێنەی جێماو
کە ماونەتەوە و کەس نازانێ هی کوێن
دەبێ ڕزگاریان بکەین!
بێ گومان.



## هومانکولوس(*)

لێرە هەم، بەڵێ من، بە سییەکانم، گورچیلە و یادەوەرییەکانم.
من تەنیا لێرە هەم و کەواتە من، تاکە شتێکی ڕوون و ئاشکرام کە هەم
لێ ئەگەر ئێستا هەر هەمان گورچیلە، یادەوەری و سییەکان
دەستکرد بان، بەشێوەییێکی سرووشتی، لێ
بە پرۆسەییێکی هونەری، هێزێکی نامۆ دروستی کردبان؟
هەڵسوکەوتەکانم چەند نائاشنا و شانۆیی خۆیان بۆ دەنواندم!
من ڕێک ئەو کەسەیە کە منم
بیرکردنەوەییێکی چەند سەیرە کە یەکێکی تر بتوانێت ئەو بێت!
لێ، ئەگەر ئێستا پێت بڵێم ، کە بوونی تۆ
شتێکی زۆر سرووشتییە، کە کاتییە وەک
جێگەی بەرد لەسەر زەوی، یان جوولانەوەی گەڵاکان
کە بەخولدان لە درەخت جیا دەبنەوە؟ ئەگەر پێت بڵێم
بە داهێنانێک دروست بوویت و
بە داهێنانێکی تر ون دەبیت، کە ئەمە ڕێک وایە؟
تۆ دەڵێی: جیاوازی نییە.
ڕێک ئەوەیانە کە جیاوازی نییە.

(*) Homunculus هومانکولوس: بە مانای "مرۆڤی بچووک"دێت. تێگەیشتنێکی کۆنە، کە یەکێک بە ڕێگەی کیمیایی و سیحری، لە فۆڕمێکی بچووکدا دروست بکرێت.

## چیرۆکی لابەلا

پایزێکی درەنگ، ڕۆژێکی سامالّی کەمێک سڕ، گوتفرید ویلیەم لیبنیزی فەیلەسووف، بە شێوەی ساکاری فرەنسی، لەگەلّ شازادەییێکی بایێری، لە باخچەیەک پیاسە دەکا. بۆ ئەم خاتوونە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەمە ئەنجامی یاساییێکی نەگۆڕە، کە هەموو شتێک لە جیهاندا دەبێ وەک یەکتری نەبن.

چونکە ئەگەر شتێک هەبێ، ئەوسا بنچینەی بەجێ نییە، کە یەکێکی دیش هەبێت، بەتەواوی وەک ئەوەی پێشوو بێت. کە ئەم وتووێژە دەکرێ، گەلای سیس یەک لەدوای یەک لە درەختەکانی باخچەکە دەکەون.

پیاوێکی خۆتێهەلّقوتی کۆشک، کە لە چاودێرییاندا دەبێت، گومان لە تێسی فەیلەسوفەکە دەکات و بە پەلە دەچێتە بن درەختەکان بۆ ئەوەی دوو گەلای بە تەواوی وەک یەکدی بدۆزێتەوە. لەسەر زەوی گەلا هەلّدەگرێتەوە، کە بەراورد و تاقیکردنەوە، یەک لەدوای یەکدی لەدەستی دەکەون. لە بازنەی بچووک، گەورە و گەورەتردا دەخولێتەوە، زۆر گەلای دی هەلّدەگرێتەوە و فەیلەسوف و شازادەکەش بە زەردەخەنەوە سەرنجی ئەم و جۆش و خرۆشدانی دەدەن. لێ هەرچەند گەلا تاقی بکاتەوە، بێ سوودە.

– هەموویان جیاوازن لە یەکتر.



## نامەکەت

نووستبووم نامەکەت گەیشت،
کە بێدار بووم،
وەک ئەوە بوو کە هەر لەوێ بووبێت.

لە ئێستاوە گۆڕی لەدایک نەبووەکان
هەلّکەندراون.

جیاوازی ئەوەیە کە...

## جێنەلۆجی(*)

بژاردە

مەرگ دایکی فەلسەفەیە.
تەنیایی باوکییەتی.

مەرگ گرفت دەنێتەوە.
تەنیایی ناچارمان دەکات لەبارەیەوە بدوێین.

منداڵ دەیەوێ
لە ڕۆژانی زۆر خەوتنی منداڵی دەربچێ.

گەورەساڵ دەیەوێ لە ژیانی خۆی دەربچێ و
بۆ ژیانێک بچێ خەونی پێوە دەبینێ.

فەیلەسووفەکان دەیانەوێ لە مێژوو دەربچن:
هیچ ڕێکوپێکییەکی نییە.

(*) جێنەلۆجی Genealogi: زانستی ئەسڵ و نەسەب.



ئەندازیاری دەیەوێ دەربچێ و
بە نێو درزە جوانەکانەوە

ژوورە باوەکان جێ دێڵێ.
ئەگەر هەموو شتێک بیەوێ دەربچێ و ون ببێ،

ئەدی لە پایزیدا دنیا چی لێ بمێنێتەوە؟

هەموو مردووەکان
وایان زانیوە ژیاون.
هەموو زیندووەکان
جارێک لە جاران
وایان زانیوە مردوون.

نووستوو لە تەنیشت تۆ،
سەرت بە شانی ڕاستم کردبوو،
خەونم بینی تۆ نووستبووی،
سەرت بە شانی ڕاستم کردبوو.
لەم خەوەدا دونیا یەکپارچە بوو.

# پێڕست


**ستیگ داگەرمان** ..... 5

ژیان زۆر کورتە ..... 7

ئیسپانیا ..... 9

ئێستا گوڵێک شکۆفە دەکا ..... 11

باشترە ..... 12

بۆ ئازادیخوازە زیندوو و مردووەکانی ئیسپانیا ..... 13

هەڤپەیڤینی نێوان زیندوو و مردووەکان ..... 16

**ماریا ڤینە** ..... 21

درەخت و شیعر ..... 23

ئەرێ یان نا ..... 24

بێ گومان پێڕادەگا ..... 25

بنوو گۆمی دارستان ..... 26

ماڵە تازیەدارەکە ..... 27

خۆری ڕەشی شەو ..... 29

ماڵئاوایی ..... 31

کچە نابیناکە ..... 32

پرسیارێک لە دایک و باوکم ..... 35

گوڵ ..... 36

شەوەو ..... 37

ئەم بێدەنگ کەوتنەی بەفری نەرم ..... 38

هیچ وڵاتێک ..... 39

بە تیرت ..... 41

باران ..... 42





ڕۆژێکی باراناویت دەدەمێ ..... 43

خۆشەویستم ..... 44

تۆ بەخشیت و ..... 45

ماندوو لە خۆم ..... 46

دەرگەی ژوورەکەمم کردەوە ..... 47

ڕۆژێکیان ..... 49

بێ تاسە- ژیان نییە ..... 51

**توماس ترانسترۆمەر** ..... 57

لیسابۆن ..... 59

شەوێکی زستان ..... 60

ناو ..... 62

درەخت و ئاسمان ..... 63

غەزەل ..... 64

نهێنی بەڕێگاوە ..... 65

چیای ڕەش ..... 66

بەلەم- گوند ..... 67

Kyrie ..... 68

زۆر هەنگاو ..... 69

یادەوەرییەکان دەمبینن ..... 70

موزیکی هێور ..... 71

لەبارەی مێژوو ..... 72

ئیزمیر سەعات سێ ..... 74

وێستگە ..... 75

**لارس گوستافسۆن** ..... 77

کەی دەمی مرۆڤ تەڕ بوو ..... 79

جامی پەنجەرە ..... 80

پەنجەرەی لەناکاوی خانووی دوورەپەرێز ..... 81

بێ ئارامەکە ........ 82
بێجوولەیی لەسەرەتای ڕۆژە گەرمەکاندا ........ 83
شیعری لەبارەی ڕێڤیسیونیزم ........ 84
لە وڵاتێکی نامۆدا ........ 85
لە جوولانەوەدا ........ 86
هومانکولوس ........ 88
چیرۆکی لابەلا ........ 89
نامەکەت ........ 90
جێنەلۆجی ........ 91